## کوردستانی موکری حوزنی موکریانی

کتێبی "کوردستانی موکری" نووسینی نەمر "حسین حوزنی موکریانی" لەو کتێبانەیە چاوەڕوان دەکرێت زانیاری زۆری لەسەر بۆکان تێدابێت بەڵام وانییە.
لە "بەندی یێکەمین" واتە لاپەڕە ١ تا ٥٠ ی کتێبەکەدا باس لە چەند عەشیرە دەکرێت وەک دێبوکری و حەسەن خاڵی و تەنانەت "یەختەچی" ناوچەی بۆکانیش بە عەشیرەتێک دانراوە (ل ٤٥). لە باسی دێبوکرییەکاندا، حوزنی لە مارف ئاغا و حاجی ئەحمەدئاغای ئیلخانی باوکی عەلی ئاغا و مەحمودئاغا و حاجی بایزئاغا دەدوێت (ل ٤٦) و لە لاپەڕە ٥٠ شدا باسی دەشتی ناچیت یا وشتەپەی دەور و پشتی بۆکان دەکات.
لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا، وێنەیەکی مەجیدخانی میرموکری و وێنەیەکی سەردار عەلی خانی بۆکانی هێناوە.
پاشماوەی کتێبەکە، واتە لە بەندی دومینەوە (ل ٥١) تا کۆتایی (لاپەڕە ٤٦٦)، مێژوویەکی گشتی کوردستانە، کە زۆرجار ناوچەی موکریان دەگرێتەوە بەڵام هەندێ جار دەبێتە مێژووی گشتی بۆ هەموو کوردستان و پێوەندی زۆری بە موکریانەوە نامێنێت. ئیتر بۆکان هەر هیچ !

کوردستانی موکریان یا ئاتروپاتین (آذربایجان)، کردەوەی حسین حزنی، لەسەرەتای تەئریخیەوە هەتا سیف الدین موکری ساڵانی ٨٧١ ه ١٤٦٦ م، چاپی یەکەم رواندز- مطبعەی زاری کرمانجی ١٩٣٨